# بۆفریشە خامۆشە دەنگ بەرزەکانی تا هەتایەی کوبانی هەردەم سەر بڵند

هەندێک لەبایخەکانی خۆبەخشینتان بۆ کۆرد ستان

خەلکی سەربەرز و شەروانانی راستگۆی کۆردایەتی، لە کوبانی کۆڵنەدەر و خوێناوی، دوای چەند قرن حماسەیان ئافراند .

ئەمە یەکمجارە کە بە خێرایی؛ خوێن، ئازایەتی، لە خۆ بووردەیی وگیان فداییتان، تێکرا گەلی کۆردی هەستاندووەتە سەر پێ و دنیای کپ وکەڕتان بە بەرخودانی بێ وێنە و مروڤانەتان هێنا هەلوێست.

پیروز بێت لێتان ئەی فریشتەکانی ئازادی ئەو سەرکەوتنە مەزنە و بوێرانەیە .

پیرۆز بایی گەرم و بەتین لە باکووری دلال و پێشرەوی، خۆشەویستی و ولاتپارێزی کۆردستان بێت. کە هەر لە دەستپێکی هیرشی تاریکی و نەزانی داعشدا بەریەکی گەورەتری خۆڕاگری لە گەڵ پشتیوانی گەورەی داعشدا کردەوە و پرەدەی دووڕوویی، بەناو چارەسەری کورد و تورکی لە سەرهەڵماڵین و سیاسەتیی خاپاندن و خڵەتاندنی AKپارتی و اردوغانی ئاشکرا کرد کە ماوەیەک ڕای گشتی و خەڵکی کورد وتورکی پێ فریو داوە.

هەر وەها خوینتان بە فیرۆ نەرۆیی، ئەی نازدار و جوانەکانی کوبانی، چونکە بەر خۆدانتان بوارێکی رخساند کە سەرۆکەکانی پارە وبەرژەوەندی لە باشوور، کە پێی دەگوترێ کوردستانی ئازاد، دمامکی کوردایەتیان لێ داماڵرا و لەناو جەماوەری باشور و کوردستان لەوەی کە هەن رسوا تر بون. ئەوان دوای ٢٣ سال حکومەت نەیان توانی هەر هیچ نەبێت لەشکرێکی کوردستانی پێک بێنن کە بتوانێت تاقە ٢ڕوژ لە شنگال بەرخودان بکات تا ژن ومندالّی کوردانی زولّم لێکراوی ئەو دەڤەرە رزگاریان بێت ونەکەونە دەست هێزەکانی تاریکی.

داوای بوێری کوردانەتان بۆ یارمەتی و هەڵوێست لە هەموو کوردستان، بێ ترس وگوێدانە هەڵوێستی زیانکاری حزب وڕاگیاندنەکانی ئەمرۆی کورد، نمونەیەکی تری یەکیەتی کوردانەتانە.

چاک لەبەر چاومانە شکستی پێشمەرگە لە شنگال، بە داخەوە بووە شەری ڕاگەیاندن و مەیدانی تەوس توانجی هێزی کۆردان لە یەک و پرش وبلاوی و بێ ئومێدی زیاتری جەماوەری کورد وشکستێکی زیاتری دیکەی ڕێگای یەکیەتی کوردان.

له ٢٣همین رۆژی گیان لەسەر دەست دانان و پارێزگاریتان له کورد و کوردستان له بەرەی قەڵای بەهێزی مروڤایەتی کوبانی که تاهەتایه له میژوی شانازی کورددا تۆمار دەبێ ودەدروشێتەوە.

توانیتان بێ دەنگی نێودەولتی بەخۆ ڕاگری مرڤانەتان له بەرەی، برگری کوردانەتان له ژیان و بوون، دژ به مەرگ ونەمان، تێکشکێنن و دنیا باسی قارەمانی و گەورەییتان بکات و تێ تان ڕامێنێت. ئەوانەی وا دانیان به بوونی ئێوەدا نەدەنا! کەوتوونەته پێشبڕکێی یارماتی و دوزینەوەی ڕێگایەک بۆ ڕزگار بوون له شەرمەزاریان له بەردەم مروڤایەتی و بێدەنگیان دژ به داعش و قازانجی تورکیەی پشتیوانی داعش.

بڕیکیان ئەوانەن که به ئێوەی پارێزگاری ئازادیان دەڵین تروریست!

له کۆتاییدا پێزانین وئافرین بۆ ئەو ژورنالیستانه که لەگەڵ ئێوە و له سنوری دەست کردی باکوور دەنگی ئێوەیان گەیانده میدیا جهانیەکان و ئەوانەی لەو ڕێگەدا سوپای تاریکی ونەزانی سەریانی بڕی.

9.10.20114 Aram